www.kurdistannet.org
11-10-2006 7:32بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# چەقۆی تیژی کۆمەڵگاو خۆ سووتانی ئافرەتان لەبێ ویژدانی پیاواندا.. !! م. حەمید عەزیز

جوانترین و پیرۆزترین و خۆشەویستترین کەس لای ئافرەتان باوک و براو مێردە کەچی زۆر بەبێ باکی و بێ دوو دڵی خوشک و ژن و دایکی خۆیان دەکوژن... !!!.
لەکوێوە دەست پێ بکەم و چۆن چۆنی و چی بنووسم خۆشم نازانم چونکە منیش ڕەگەزی پیاوم.. ؟ کارەساتەکە هێندە گەورەیە لەبابەتدا نمونەیە بۆ بەربەرییەت لە دنیای سەردەم و هۆش و بیری ئەمرۆ. ڕووبارێ پڕلەشەرم و ئاسمانێکی بەرز لە شوورەیی و نەنگییە. بێدەنگی بەرامبەر سووتان بێ هەستیی مرۆڤە بەرامبەر خۆی و بیابانێکی ووشک و برنگە لە نەفامی یانماڵێکی دەوڵەمەندە لە ترسنۆکی. فەرهەنگی ژیان پێناسە نی یە لە هەناسە و تەواو بوون و دەسپێک و کۆتایی، لەنێوان ژیان و مردنا شانۆیەک ویژدانی نمایشکردن هەیە لەسیناریۆی مرۆڤی خاوەن مەعدەنی ڕۆڵە (دور) نەمرەکاندایە، تۆ نەمری کە بویتە تاڵێ لەتیشک بۆ ئەم تاریکییە. جابۆنەبین بەپایەو پرد تادنیایە قەد نەمرین و ببینە بروسکەی بەختەوەری بۆ دڵی ئادەمیزادی براو ماندوو بۆ کەس بۆ بێگانە و مرۆڤایەتی. گەلانی دنیای پێشکەوتوو نزیکەی زیاتر لە نیو سەدەیە لەمافی مرۆڤ و بەتایبەت مافی ئافرەتان و منداڵ و ئاژەڵان تەواو بوون و هەموو بەیەکسانی دەژین و خەریکی کاری مرۆیی ترن بۆ بەختەوەری ئادەمیزاد ئەو کارانەش تەکنەلۆجیاو چوونە ئاسمان و زیاتر لە چوار کیلۆمەتر چوونە خوارەوە بۆ ژێر زەمین و لێدانی توونێل و نەفەقی زۆر گەورەو گەڕان بەدووای سەرچاوەی ئابووری تردا بۆ دەوڵەمەند کردنوو خۆشگووزەرانی میللەتانیان (ئەمریکا) . لێدانی هێڵی شەمەندەفەر لەژێر دەریا (فەرەنسا – بریتانیا) . دروست کردنی توونێلی شووشە لەناو دەریا بۆ بینینی قرش و جۆرەها گیانلەبەری دەریایی تر تەنها بۆ بەختەوەری و کات بردنەسەری مرۆڤی خۆیان و گەشتیاران (ئوستورالیا) . دوورینەوەی چینی توێژاڵی ئۆزۆن لەئاسمان کە ئێمە جارێ لێی ناحاڵین (ئەمریکا) . ئەم نمونانەم بۆ ئەوە بوو کە تۆزێک بەخۆماندا بچینەوە و هۆش بێنینەوە بەرخۆمان هەست بەدوواکەوتوویی بکەین و ڕێگە چارەیەک بدۆزینەوە بۆ ڕزگار بوونمان لەم جەهەنەمی ژیانەی کە تێیداین. بەڕاستی شوورەیی یە هەموو ڕۆژێک دەبینین و دەبیسین کە کچان و ئافرەتانمان خۆیان دەسووتێنن.. ! شورەیی یە هۆکەشی کۆمەڵگای دوواکەوتووە کۆمەڵگاش ئێمەین من و تۆو ئەوو.. هتد.
ئەبێ بەهەموومان بیرکەینەوەو بزانین هۆکاری ئەم خۆسووتانە چی یەو چارەسەری بۆ بدۆزینەوە. ئەو دەووڵەتانەی یان ئەو خەڵکانەی کە بەشێوەیەکی باش پێشکەوتوون و لەبەرچاومانە و دەیان بینین ئەمانیش وەک و ئێمە مرۆڤن تەنها جیاوازی نێوانمان ئاستی ڕۆشنبیری یە. کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی بەگشتی و کوردی بەتایبەتی هەقیان هەیە بەسەرتەوە تەنانەت لەجل و بەرگ پۆشیندا و هاتووچۆو.. هتد. بەڵام لەلێقەومان و برسێتی و پێویستی تر پشتیان تێکردوویت. کەواتە ئازاردان و بوون بە دادوەر بەسەر خەڵکی ترەوە پەشیمانی لەدووایە کەسیش هەقی ئەوە بەخۆی نەدات کە چاودێری و دەست خستنە ناو کاری خەڵکی پێ باش بێت چونکە تۆ مرۆڤیت و خەڵکیش بەهەمان شێوە هەمان بوونەوەرو هەستی هەیە تەنهاو تەنها بەرێزگرتن خۆت و خەڵکی دیکە گەورەتر دەبن لە چاوو ویژدانی یەکتریدا بەتایبەت ڕێزگرتن لە خوشک و دایک و ژن چونکە جوانترین و خۆشەویستترین بنیادەم بۆ ڕەگەزی مێینە براو باوک و مێردە. کێشەی سووتانی ئافرەت تەنها لەناڕەحەتی ئافرەتەکەوە سەرهەڵدەدا و هۆکارەکەشی کەس و کارو کۆمەڵگای دوواکەوتووە. خواوەندێک بەو هەموو جوانی یەوە مرۆڤی دروست کردووە هەقی نی یە بەسەری یەوە و ئازادی کردووە، هەر کورد خۆی ئەڵێ (هەرکەس ئەچێتە قەبری

خۆیەوە) ئیتر چۆن مرۆڤ خۆی ئەکا بە وەکیلی خواو خەڵکی بکوژێ یان لێپرسینەوە بکا بەبەرنامەو چارەنووسی خەڵکی دیاری پێ بکات. ئێمە هەموومان مرۆڤین و (مەڕ بەپێی خۆی و بزنیش بەپێی خۆی) مرۆڤ تەنها یەکجار ئەژی پێویستی بە پارێزەرو هێرشکەر نی یە بەڕاستی هیچمان نازانین کە سزای ئەوە چی یە لەو دنیا ئەگەر باوەڕمان پێی هەبێت یان نا ئەوە بابەتێکی ترە بەڵام کەمرۆڤ دەبێتە هۆی مردنی یەکێک یان سووتانی جەستەو ڕۆحی ئافرەتێک ئەوە خۆی لەخۆیدا گەورەترین تاوانەو لێخۆشبوونی مەحاڵە ئێمە میللەتێکی موسوڵمانین کەچی بەقسەی قورئان ناکەین.. ! لەقورئانیشدا بەشوودان بەزۆر حەرامە، ڕێگری لە دوو دڵدار کەنەگەن بەیەک و ژیان پێکەوە نەنێن حەرامە، بوون بە هۆکاری سووتانی مرۆڤێک و سەرگەردانی خێزانێک حەرامە. ئەمانەن ئەبن بەبنەمایەک بۆ کۆمەڵگایەکی خراپ و سەقەت. بۆ نمونە ئەگەر مرۆڤ خواردنێک بخەنە بەردەمی و حەزی لێنەکات نایخوات بەڵام ئەگەر بەزۆر دەرخواردی بدەیت ئەو مرۆڤە دووای چەند چرکەیەک یان چەند خولەکێک ئەڕشێتەوە.. ! لەباری ژیان و خێزان و هاوسەرێتی هەمان نمونەیە چونکە کە ئافرەتێک بەزۆر بیدەی بەشوو بەپیاوێک یان نەهێڵی ئەو ئافرەتە شوو بکات بەوەی کەدەیەوێ یان خۆشی دەوێ هەمان هەڵێنجان و یەکسانی یە لەنێوان خۆسووتان و ڕشانەوەکەدا. بەڕاستی خێزان و ژن و مێردایەتی تەمەنێکی دوورو درێژ بەیەکەوە دەژین پێویستە ئەو دووانە گفتووگۆو لەیەک گەیشتن هەبێ لەنێوانیاندا یان خۆشەویستی یەک کەبەیەکیانەوە ببەستێتەوە، چونکە ئەگەر وانەبێ و خۆشەویستی و ڕێز لەنێواندا نەبێ وەفاو پیرۆزیش لەدەست دەچێ.. ! تکایە کەس خۆی تاوانبار نەکات و نەبێتە هۆی ماڵ وێرانی و سووتانی ئاوازە جوانەکانی ژیان و سۆزی ئافرەتان، نەبێتە خەم بۆ بزەو زەردەخەنەکانی ئادەمیزاد بەگشتی. لەژیاندا زۆر کار هەیە کە بەزۆر دەکرێ بەڵام بەهیچ شێوەیەک خێزان و ژن و مێردایەتی بەزۆر نابێ کەبەزۆر بوو ئەنجامەکەی خۆ کووشتنە ئەگەر کوشتنی تێدا نەبوو ئەوە خیانەت کاری ئاسانە. مرۆڤی قوڕبەسەری گیرۆدەی ژیان یەک جار ئەژی با ئەژدیهاکان بیەڵن بەئاسوودەیی ژیان بەردەوامی سروشتی خۆی وەرگرێ.